حكومەتی هەرێمی كوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سكرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٦٦) لە ٢٠٢٢/٨/٢٤

پشتبەست بە حوكمەكانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و ئاماژە بە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٠) لە ٢٠٢٢/٨/٢٤، و لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتەكانی (دارایی و ئابووری، كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، پلاندانان) و سەرۆكایەتی دیوان و سكرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ هەماهەنگیكردن لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە سەرپەرشتیی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ ئەوەی ڕێكاری پێویست بگرنەبەر سەبارەت بە پێشنیارەكانی هاتوو لە ڕاپۆرتی وەزارەت كە لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو بە ڕەچاوكردنی بارودۆخی دارایی و بڕی پارەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە و هەروەها دۆزینەوەی میكانیزم و ڕێگەی گونجاو بۆ ئەو دەرفەتانەی كە دەتوانرێت سوود لە كەرتی تایبەتی پسپۆڕ و خاوەن شارەزایی وەربگیرێت لەم بوارە لەسەر بنەمای یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەكان و یەكسانیی لە دابینكردنی دەرفەت و ڕەچاوكردنی بەرژەوەندیی گشتی لە ڕووی نرخ و كواڵێتی و ڕێگرتن لە بارگرانی لە ئەستۆی هاووڵاتییان.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن و دەرئەنجامی ڕێكارەكانی هاتوو لە برگەی (١)ی سەرەوە دەخرێتە بەردەم هەردوو بەڕێزان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندكردن و بڕیاری كۆتایی.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**